# فیقهی ئاسان: پەرتوکی زەکات: دەروازەی سێهەم: زەکاتی ئەوەی لە زەوی دەردەهێنرێت

# الفقه الميسر: كتاب الزكاة: الباب الثالث: في زكاة الخارج من الأرض

< كوردی - كردي - kurdish >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# دەروازەی سێهەم
# زەکاتی ئەوەی لە زەوی دەردەهێنرێت، چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت

## بابەتی یەکەم : چی کاتێک زەکاتی ئەوەی لە زەوی دەردەچێت واجب دەبێت ؟

ئەصڵ وبنەما لە واجب بوونی زەکات لەوەی لە زەوی دەردەهێنرێت، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ ﴾ [البقرة : 267 ]، واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: ببەخشن لە باشترین بەروبووم و بەرهەمێک کە بەدەستان هێناوە و لەو بەروبوومانەی کە لە زەویدا بۆمان دەرهێناون و ڕواندوومانە .

زەکات لە دانەوێڵەدا واجب دەبێت کاتێك کە دانەکەی ڕەق بوو، بوو بە فەریکە، وە لە بەروبومەکانی تری وەك ( خورما ومێوژ ) دا واجب دەبێت کاتێك سەرەتای باش بوونی دەرکەوت، ئەویش کاتێکە بوو بە بەروبومێکی تام خۆش کە بۆ خواردن بشێت، پێویستە بیشوترێت کە واجب نیە ساڵی بەسەردا بگەڕێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ ﴾ [ الانعام : 141 ]، واتا: وە لە کاتی ڕنین و درۆینەیاندا بەشی هەژارو دەستکورتانی لێ بدەن – واتا زەکاتەکەی لێ بدەن - .

زەکات لە هەموو بەروبومێك کە بپێورێت وهەڵبگیرێت (في كل مكيل مدخر) لە دانەوێڵە وبەروبومەکانی تری کشتوکاڵی وەك: گەنم و جۆ وگەنمە شامی وبرنج و خورما ومێوژ واجب دەبێت، بەڵام زەکات لە میوە و سەوزەدا واجب نابێت .

بۆیە ووتمان لە هەموو بەروبومێکی بپێورێت لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك باسی نصابی دانەوێڵەی کردووە بە (وسق) دیاری کردووە، دیارە وسقیش یەکەیەکی پێوانەی دانەوێڵە بوو لەو سەردەمەدا، ووە بۆیە ووتمان هەڵبگیرێت، چونکە لە صیفەتی هەڵگرتندا مانایەکی موناسب و گونجاو بۆ واجب بوونی زەکات بەدی دەکرێت.

هەر بۆیە هەر دانەوێڵە و بەروبومێکی کشتوکاڵی لەوانەی باسمانکردن ئەگەر هەردوو صیفەتی پێوانە و هەڵگرتنی تێدا نەبوو زەکاتی تێدا واجب نابێت.

## بابەتی دووەم : مەرجەكانی واجب بوونی زەكات تێیاندا .

بۆ واجب بوونی زەكاتی دانەوێڵە و بەربوومەكانی كشتوكاڵ دوو مەرج پێویستە كە هەبن : -

یەكەم : دەبێت بگاتە ڕادەی واجب بوونی زەكات ( واتا : بگاتە نصاب ) كە ئەویش بریتیە لە پێنج (ویسق) وەك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەیەكدا دیاری كردووە و فەرموویەتی: {ليس فيما دون خمسة أوسق صدقة} [1] واتا : كەمتر لە پێنج ویسق زەكاتی تێدا نیە .

هەر ویسقێكیش باری ووشترێكە، كە دەكاتە شەست صاع بە صاعی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، كەواتە پێنج ویسق دەكاتە سێ صەد صاع، ئەم ڕێژەیەش ئەگەر لە گەنمێكی پاك وخوێن و دان ساغ وسەلیم بكێشرێت نزیكەی شەش صەد ودوانزە كیلۆ گرام دەكات، ئەگەر هەر صاعێك حسابی (2،40) دو كیلۆ و چل گرامەمان بۆ كردبێت .

دووەم : دەبێت ئەو نصابەی كە لە خاڵی یەكەمدا باسمانكرد موڵكی ئەو كەسە خۆی بێت لەو كاتەی كە زەكاتە واجب دەبێت، واتا : كاتی دوورینەوە و هەڵگرتنی .

## بابەتی سێهەم : ئەو ئەندازەیەی كە واجبە بدرێت بە زەكاتدا .

لە دانەوێڵە وبەروبومی كشتوكاڵیدا، ئەگەر هاتوو بەبێ تێچوون و تەكیلف ئاوی خواردەوە ئەوا دەبێت لە دە بەش بەشێكی بدرێت بە زەكاتدا، واتا : ئەگەر بە ئاوی باران وكانیاو و ڕوبارەكان ئاوی خواردەوە دەبێت لە دە كیلۆ كیلۆیەكی بدرێت، یان لە دە پێوانە پێوانەیەكی بدرێت بە زەكاتدا، بەڵام ئەگەر هاتوو ئاودانی بە تەكلیف و تێچوون بوو، وەك ئەوەی بەدۆڵچە ئاوی بۆ هەڵبگۆزرێت یان بە ووشتر كاتی خۆی بە ناعورەیەكەوە بەسراوەتەوە و سوڕی خواردووە تاوەكو ئاوەكەی دەرهێناوە بۆ ئاودانی كشتوكاڵەكە، ئەگەر بەم شێوەیە بوو ئەوا نیو دەیەكی دەردێت بە زەكاتدا، واتا لە بیست بەش بەشێكی، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { فيما سقت السماء والانهار والعيون، أو كان بعلا، العشر، وفيما سقي بالسواني، أو النضح، نصف العشر } [2] ، واتا : ئەو دانەوێڵە وكشتوكاڵەی كە بە ئاوی باران و ڕووبار و كانیاوەكان، یان بە دەمارەكانی خۆی ئاو دەخوات وپێویستی بە ئاودان نیە، ئەوا دە یەكی دەدرێت بە زەكاتدا، وە ئەوەشی بەووشتر یان

---

[1] بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1484)، وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (979) ڕیوایەتیان كردووە .

[2] بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1483)، وە أبو داود بە فەرموودەی ژمارە (1596) ڕیوایەتیان كردووە .

بەهەر ولاخێكی تر ئاوی بۆ هەڵدەگۆزرێت یان بەهەر شێوەیەك ئاوی بۆ دەردەهێنرێت بۆ ئاودانی ئەوا نیو دەیەكی دەدرێت بە زەكاتدا .

## بابەتی چوارەم : زەكاتی هەنگوین .

ابن عبد البر ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەڵێت : جمهوری زانایان بەلایانەوە وایە زەكات لە هەنگویندا واجب نیە، هەر ئەمەش دیار و ڕوونە، لەبەر ئەوەی نە لە قورئان و نە لە سوننەتدا بەڵگەیەكی صەحیح وڕاست ودروست نیە لەسەر واجب بوونی زەكات لە هەنگویندا، دیارە ئەصڵیش وایە ذیمەتی مرۆڤ بەریە لە شتێك تا ئەو كاتەی بەڵگەیەك بەدی دەكرێت لەسەر واجب بوونی، ئیمامی شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : ئەو فەرموودەیەی كە هاتووە : " في أن في العسل العشر " فەرموودەیەكی لاوازە، هەروەها ( ألا يؤخذ منه ) دیسان لاوازە، جگە لە عومەری كوڕی عبد العزیزەوە نەبێت، شافعی دەیشڵێت : منیش ئەوە هەڵدەبژێرم كە زەكاتی تێدا واجب نابێت، چونكە فەرموودە و ئەثەر ثابت و جێگیرە لەو شتانەی كە زەكاتیان تێدا واجبە، ئەوەشی ثابت نیە ئەوەیە لە هەنگویندا واجب نیە، وەك ئەوە وایە كە زەكاتی هەنگوین عەفوی لێ درا بێت .

ابن المنذر دەڵێت: هیچ بەڵگەیەكی ڕاست ودروست لەبەردەستدا نیە واجب بوونی زەكات لە هەنگویندا بسەلمێنێت.

## بابەتی پێنجەم : زەكاتی ئەو شتە شاراوانەی كە لەزەویدا دەردەهێنرێن ( الركاز ) .

مەبەست لە ووشەی ( الركاز ) هەر شتێكە لەو شتە شاراوانەی كە لەكاتي نەفامی وجاهیلی شاراونەتەوە لە زێر و زیوو و هاوشێوەكانیان و ئێستا خەڵكی دەیانبینەوە ودەریاندەهێنن و نیشانەی كوفری بەسەرەوە ببینرێت، بە شێوەیەك كە پێویستیان بە خەرجكردنی پارە و تێچوونی نەفەقە و كاری گەورە نیە بۆ دیتنەوەیان، بەڵام ئەو شتانەی كە پێویستیان بە خەرجكردنی پارە وكاری گەورە هەیە پێی ناوترێت ( ركاز )، ئەگەر هاتوو ئەو مەرجانەی تێدا بوو، كەم بێت یان زۆر ئەوا دەبێت پێنج یەكی بدرێت بە زەكاتدا، وە مەرجی ساڵ بەسەر گەڕانەوە ونیصابیشی تێدا بەمەرج نەگیراوە، ئەویش لەبەر ئەوەی فەرموودەی { وفي الركاز الخمس } [1] فەرموودەیەكی گشتیگرە، ئەویش ( فەیء )ــەو، ودەبێت لە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان‌دا سەرف بكرێت، وە مەرج نیە كە لەماڵێكی دیاریكراودا

[1] بوخاري وموسليم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1499)، وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە ( 1710) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان كردووە .

بێت، جا ئیتر زێر بێت یان زیوو یان هەر شتێكی تر بێت كە بەنرخ بێت وشاراوە بوو بێت وئێستا كەسێك یان كەسانێك دەریان هێنا بێت .

بەوەشدا دەزانرێت كە ئەو شتە دەرهێنراوانە هی سەردەمی جاهیلی و نەفامیە كە نیشانەی كوفر وبێباوەڕی بەسەرەوە دیار بێت، وەك ئەوەی ناوی بێباوەڕانی بەسەرەوە بێت، یان وێنەی ئەوانی لەسەر كرا بێت، یان هەر نیشانەیەكی تر كە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی ئەو شتانە هی سەردەمی جاهیلین .

سەبارەت بە كانزاكانیش : كە مەبەست پێی هەموو ئەو كانزایانەیە كە لەزەوی پەیدا دەبن، و ڕووەك و گلیش نین، جا ئەگەر ئەوەی دەردەهێنرێت نەوت و غاز بێت، یان ئاسن و مس و زێر و زیوو وجیوە بێت، ئەوا بە كۆی دەنگی زانایان زەكاتی تێدا واجبە، ئەویش بە بەڵگەی گشتگیری ئەو دەقانەی كە لەسەر واجب بوونی ئەوەی لە زەوی دەردەهێنرێت هاتوون، وەك ئەو ئایەتەی كە پێشتر باسمان كردن، وەك فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ ﴾ [ البقرة : 267 ]، واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە : ببەخشن لە باشترین بەروبووم و بەرهەمێک كە بەدەستان هێناوە و لەو بەروبوومانەی كە لە زەویدا بۆمان دەرهێناون و ڕواندوومانە .